# گۆڕینی (8)ی مارس, هێرشێك بۆسەر ژنان!

ئەمریكا خۆی بە خۆی دەڵێت داگیركەر! هەتا ئەم هێزی (ڕزگاریبەخشە!) ئەم بوێرییەی لە خۆ نەنواند, بەرەی كۆنەپەرستی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و ڕۆشنبیرانی خۆشخەیاڵ بە دەوری ئەم چوخزە بۆ داكۆكیكردن لە ئەمریكا و هاوپەیمانانی تر, سنگی خۆیان ئەدڕی و خۆیان لە كەسانێك سوور ئەكردەوە كە ئەیان وت ئەمریكا هێزێكی داگیركەرە لە عێراق نەك ڕزگاركەر! بەڵام ئیتر چارناچارە, كاتێك ئەمریكا خۆی بە خۆی بڵێت من هێزی داگیركەرم لە عێراق, تابعیین و دەســـتوپێوەند جگە لە حەپەسان چی تریان بۆ دەمێنێتەوە؟!

پاش ئەوە ئیتر بە ناچاری ئەیانگووت: كاكە ڕاستە ئەمریكا هێزی داگیركەرە, ڕاستە ئەمریكا بۆ ئەوە نەهاتووە من لە دەستی بەعس و سەدام ڕزگار بكات, ڕاستە ئەمریكا بۆ بەرژەوەندی خۆی هاتووە بۆ عێراق و ڕێگای دووری بڕیوە, بەڵام لەم قۆناغەدا بەرژەوەندیمان جووت دێتەوە!!

بەشێك لەمانە بەوە خۆشخەیاڵ بوون كە ئەمریكا و هاوپەیمانانی تر دەوڵەتێكی عەلمانی و مۆدێرن لە عێراقی پاش سەدام بۆ عێراقییەكان دائەمەزرێنن! تۆ بڵێی هێزێك لە وڵاتانی ئەوروپای مۆدێرن و عەلمانی و لە ئەمریكای پێشكەوتووەوە هاتبێت, پچەك لەو پێشكەوتن و مافە مەدەنییانە بۆ خەڵكی عێراق نەخەنە هەگبەكەیانەوە! وەیان تۆزێك لەو بۆنوبەرامی دیموكراتییەیان پێوە نەمێنێ؟!

نەخێر ئەوە خەون بوو, لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجومەنی حوكمی كاتی عێراق چوو بە هەوادا!

ئەمە وانەی یەكەم بوو...كە هەر دەسكەوتێكی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریكا بەرەنجامی دوو سەدەیە لە خەبات و تێكۆشانی كرێكاران و زەحمەتكێشان و ژنان و ئازایخوازانی ئەم وڵاتانە, بە جۆرێك كە دانەدانەی ئەوانە لە دەستور و یاسادا بە خوێن نووسراوە! لە ڕاستیدا ئەم هێزانەی هاتوونەتە عێراق نەك هەر نوێنەرایەتی ئەو بەشەی كۆمەڵ ناكەن و پارێزەری ئەو دەسكەوتە پڕ بایەخ و پرشنگدارانەی وڵاتی خۆیان نین, بەڵكوو بە پێچەوانەوە ئەمانە لە شەڕی بەردەوامدان بۆ وەرگرتنەوەی ئەو دەسكەوتانە.

ئەگەر ئەمە وانەی یەكەم بێت... ئەوا وانەی دووەم بریتییە لەوە: بەرژەوەندی ئەمریكا لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵكی كرێكار و دەستەنگ, لەگەڵ بەرژەوەندی ژنان و خەڵكانی ئازادیخواز نەك هەر كۆك نین هەروەكوو بەرەی كۆنەپەرستی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و ڕۆشنبیرانی سەر بەم بازنەیە بانگەشەیان بۆ ئەكرد, بەڵكوو فرە لەیەك دوورن و لەگەڵ یەكدی گەلێك ناكۆكن.

یەكەم خێر و بەرەكەتی یەكەم ئەنجومەنی حوكمی عێراقی سەر بە ئەمریكا, گۆڕینی ڕۆژی (8)ی مارس بوو بە (18)ی ئاب!

(18)ی ئاب ڕۆژی لەدایكبوونی فاتیمەی كچی محەمەد پەیامبەری ئیسلام و هاوسەری عەلی كوڕی ئەبوتالیب ڕەهبەری شیعە مەزهەبی ئیسلامە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئیسلامی سیاسی شیعە مەزهەب ئەم ڕۆژەیان بۆ ڕۆژی ژنانی شیعە مەزهەبەکانی عێراق و باقی شیعە مەزهەبەکانی تری دنیا دیاریکردووە. ئەمانە بۆیە ئەم ڕۆژەیان هەڵبژاردووە, نەك لەبەرئەوەی فاتیمە کچی محەمەد بووە, بەڵکوو لەبەرئەوەی فاتیمە هاوسەری عەلی و دایکی حەسەن و حوسەین بووە!

دیارە ئەمە دیوی دەرەوەی مەسەلەکەیە. بەڵام دیوی ناوەوەی ئامانجێکی تر ئەپێکێ و ناوەڕۆکەکەی بۆگەن ترە لە ڕوخساری!

دیوی دەرەوەی مەسەلەکە تێکدانی ڕێزی ژنانە نەك هەر لەسەر بنچینەی ئیسلام و دیان, بەڵکوو لەسەر بنەمای شیعە و سونە بوونیش. ئەمەش هێرشێکە بۆسەر بزووتنەوەی ژنان و مافەکانیان, وە تێکدانی ڕیزەکانیانە لە چوارچێوەی عێراق.

هەرچی دیوی ناوەوەی مەسەلەکەشە دابڕانی ژنانی عێراق و بزووتنەوەکەیانە لە ژنانی دنیا و لە بزووتنەوەی نێونەتەوەییان.

بزوتنەوەی ژنان بزووتنەوەیەکی جیهانییە, مافەکانیشیان بەهەمان شێوە جیهانییە. دەسکەوتی بزووتنەوەی ژنان لە هەر سوچێکی سەر ئەم گۆی زەوییە, دەسکەوتی تەواوی ژنانە لە هەر سوچێکی تر. هەر بۆیە بزووتنەوەی ژنانی دنیا لە یەکترەوە تینوتاو وەرئەگرن, وەیەك ئەوی دی تەواو ئەکات.

زیاتر لە یەك سەدەیە (8)ی مارس وەك ڕۆژی ژنانی جیهان ناوزەد کراوە, ئەمەش بە جۆرێکە ئێستا ئیتر تەواوی دنیا بەدەر لە ڕەنگ و ڕەگەز, زمان و مەزهەب, ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ژن دەناسن. ئەمە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ ژنان, چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژی بانگەوازە بۆ یەکگرتن, ڕۆژی بانگەوازە بۆ خۆپیشاندان و هاتنە مەیدان, ڕۆژی بانگەوازە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر نابەرابەری, ڕۆژی بەرزکردنەوەی داخوازی ژنان و گشت ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانە, ڕۆژی ئاوڕدانەوەیە لە دەسکەوتی ساڵانی ڕابردوو وە پاراستنیانە, ڕۆژی هەنگاونانە بۆ پێشەوە بۆ بەرابەری کامڵ و هەمەلایەنە.

یەکەم دیارییەك کە ئەمریکای (ڕابەری دیموکراتی سەردەمی زێڕینی دیموکراتی!) بۆ عێراقییەکانی هێنا ئەنجومەنی حوکمی عێراقی بوو. یەکەمین دیارییەکی ئەم ئەنجومەنەش بۆ خەڵکی عێراق گۆڕینی ڕۆژی هاوپشتی ژنانە بە ڕۆژی لە دایکبوونی فاتمەی هاوسەری عەلی و دایکی حەسەن و حوسەین!

ئەگەر ژنان لە دوانزە ساڵی گەمارۆی ئابووری سەر عێراق یەکەمین قوربانی بوون, ئەگەر ژنان لە تەواوی دنیا یەکەمین قوربانی بێکارین, ئەوا یەکەمین قوربانی هاتنی ئەمریکا و هاتنی ئەنجومەنی حوکمی عێراقیش هەر ژنانن!

ئەگەر (8)ی مارس سیمبوڵی هاوپشتی جیهانی ژنانە, ئەوا (18)ی ئاب سیمبوڵی تێکدانی ئەو هاوپشتییەیە! ئەگەر (8)ی مارس سیمبوڵی یادکردنەوەی دەسکەوتەکان و پاراستنێتی, ئەوا (18)ی ئاب سیمبوڵی لەبیرکردنی ئەو دەسکەوتانە و لەدەسدانێتی! ئەگەر (8)ی مارس سیمبوڵی خەبات و تێکۆشانە بۆ ئازادی و بەرابەری, ئەوا (18)ی ئاب سیمبوڵی دەستەمۆکردنی خەبات و تێکۆشانە و چەسپاندنی نابەرابەرییە!

(18)ی ئاب زەنگی خەتەرێکی گەورەیە لەبەرامبەر ژنان, نەك هەر ژنان بەڵکوو زەنگی خەتەرە بۆ هەرەسپێهێنانی تەواوی کۆمەڵگا! بردنی کۆمەڵە بەرەو زەلکاوێك کە مەترسیی و دەردوو ڕەنجەکەی کەمتر نابێت لەوەی کە ڕژێمی بەعس بەسەر کۆمەڵیان هێنا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەی شایانی باسە سەبارەت بەم باسە چەندین وتار و نارەزایەتی نوسرایەوە, ئەوەی سەرنجمی ڕاکێشا لە نێو ئەوانەدا وتارێکی مەهاباد قەرەداغی بوو بە ناوی ( ڕۆژی لە دایکبوونی فاتیمەی زەهرا ڕۆژی ژنی عێراقە!!), پێویستە هەڵوێستەیەکی لە تەکدا بکەم.

بەڕێز مەهاباد لە نوسینەکەیدا نارەزایەتی دەرئەبڕێت و ئەڵێت:( فاتیمەی زەهرا....هیچ داهێنانێکی لە هیچ بوارێدا نەکردووە و لە هیچ بوارێکدا خەباتی نەکردووە).

لێرەدا نوسەر کۆنکرێت باسی داهێنان و خەبات ناکات, ئیتر ئەوە بەهەر جۆرێك بووبێت گرنگ نییە! ئیتر قسەیەك لەسەر ژنان و خەبات بۆ ئازادی ژنان و تێکۆشان بۆ یەکسانی و بەرابەری ژنان و پیاوان جێگای باس و مەبەست نییە! یانی بەو پێودانگە بێت: ئەگەر بهاتبایەو ڕۆژی لەدایکبوونی عائیشەی هاوسەری محەمەد بە ڕۆژی ژن دابنرایە, ئەو قبوڵی بوو... چونکە عائیشە لە مەیدانی جەنگ و سیاسەت و ناکۆکی نێو باڵەکانی ئیسلامدا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە.

نوسەر ئەڵێت: ( ژنانی هاوچەرخ بۆ دەبێت ژنێك بکەن بە سیمبوڵی خۆیان کە بە هۆی باب و هاوسەرەکەیەوە دەناسرێت نەك لەبەر ڕەفتار و داهێنانی خۆی!)

نوسەر لێرەدا ئەوە پیشان ئەدات کە فاتیمە بۆخۆی هیچ کارێکی نەکردووە کە بەهۆی ئەوەوە بناسرێتەوە, بەڵکوو فەزڵی ناسراوی ئەو و جێگایەك کە پێی براوە ئەگەڕێتەوە بۆ باوك و بۆ هاوسەرەکەی! ئەمەش یانی کاروکردەوەی محەمەد و عەلی بە پۆزەتیف نرخێنراوە لەلایەن مەهابادەوە, لە کاتێدا ئەوە ئاشکرایە کە کەسێکی وەك محەمەد ئەگەر تەنها باسی ژمارەی ژنەکانی بکەین کافییە بۆئەوەی بزانرێت کاروکردەوەی محەمەد چۆن بووە و دەبیٚ کەسانی یەکسانیخواز چۆن لێی بڕوانن! هەرچی بە عەلیش ئەگەڕێتەوە ئەوە مێژوو گەواهی لەسەر ئەویش ئەدات کە ئەگەر بێت و بە تەنها باسی غەزاکانی بکەین کە چۆن ڕۆژ هەبووە زیاتر لە هەزار ژن و منداڵی بە غەنیمەت گرتووە, یانی پاش ئەوەی مێرد یان بابی کوشتوون, خۆیانی بە کۆیلە گرتوون و بە بیٚ ویست و ڕەزامەندی خۆیان بەسەر قارەمانانی غەزادا دابەشی کردوون!

بەڵام لەمانە سەیرتر ئەوەیە کە نوسەر هاتووە نەك هەر داکۆکی لە ڕۆژی (8)ی مارس ناکات, بەڵکوو هاتووە ئەویش بەهەمان ڕەووشتی ئیسلامی سیاسی شیعە مەزهەب, بەڵام لە ڕوانگەی ناسیونالیزمێکی ئصوڵییەوە ئەیەوێت لە شەڕی تیرە و تایفە و مەزهەبی نێو ئەنجومەنی حوکم, ئەمیش بۆ قەومپەرستانی کورد بەشێك بپچڕیٚ, ئەویش بەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی ژنانی کورد بە ڕۆژی ژن لە کوردستان دابنریٚ! هەر بەوەشەوە ناوەستیٚ بۆ ژنانی عێراقی دراوسێشی پێشنیار ئەکات کە ئەوانیش لە جیاتی (8)ی مارس ڕۆژی لە دایکبوونی ژنێکی عەرەب بکەنە ڕۆژی ژن! لە کاتێکدا لە دانانی ڕۆژی (8)ی مارس ئەوەی بیری لیٚ نەکرابێتەوە وڵات, قەوم, ڕەگەز, دین و مەزهەبە!

لە ڕاستیدا تەرحێك کە نوسەر ئەیکات لە ناوەڕۆکی خۆیدا دیوی دووەمی تەرحی ئیسلامی سیاسی نێو ئەنجومەنی حوکم پێك ئەهێنیٚ, چونکە ئامانجی هەردووکیان تێکدانی (8) مارس, ڕۆژی هاوپشتی و نێونەتەوەیی بزووتنەوەی ژنانی جیهانە.

بەو پێودانگەی مەهاباد بێت ئەبیٚ ژنانی هەر قەوم و ڕگەز و ئایینێك لە هەر جێگایەك ڕۆژی تایبەت بە خۆیان هەبێت, ئەمەش یانی هەزاران ڕۆژ, چونکە ئەگەر بە تەنها باسی قەوم و نەژاد بکەین ئەوا زیاتر لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

800 قەوم و نەژاد هەیە...!! لە کاتێکدا فەلسەفە و گرنگی ئەو ڕۆژە لەوەدایە کە ژنانی سەرتاسەری دنیا بەدەر لە قەوم و قەبیلە و ئایینیان یەك ڕۆژی هاوبەشیان کردووە بە ڕۆژی خۆیان, گرنگی ئەو ڕۆژە زیاتر لە یەکبوونیەتی تا ئەگات بەوەی ڕۆژی لە دایکبوونی کام ژن وەیان کام بزووتنەوەی ئیعتیرازی کراوە بە بنەمای. تێکدانی ئەو ڕۆژە بە ئایین یان بە ناسیونالیزم, هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ, ئەمە نەك هەر دڵسۆزیی نییە بۆ ژنانی کورد و عەرەب, بەڵکوو گەورەترین خزمەتیشە بە دوژمنانی ئازادیی ژن, جا ئەگەر ئەو ڕۆژە تێکدرا, ئیتر جیهانیبوونی مافەکانی ژنان چ مانایەك ئەبەخشێ؟! ڕۆژی هاوپشتی بۆ ئازادی چ مانایەك ئەبەخشێ؟!

**2003 /8 /31**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com